دەستی دەستپاکی:سزای حەوت ساڵ زیندانی بۆ بەڕێوەبەرێکی گشتی پێشوی وەزارەتی پیشەسازی عێراق دەرچوە

دەستی دەستپاکی عێراق رایگەیاند، سزای حەوت ساڵ زیندانی بۆ بەڕێوەبەرێکی گشتی پێشوی وەزارەتی پیشەسازی عێراق دەرچوە.

ئەمە یەکشەممە دەستی دەستپاکی عێراق بڵاویکردەتەوە، سزای حەوت ساڵ زیندانی نائامادەیی بۆ (عەلی شافی ئیسعەد)، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی دەرکراوە، بەهۆی زیان گەیاندن بە سامانی گشتی.

ئاماژەی بۆشکردوە، ئەو سزایەی بۆ ناوبراو دەرچو لەئەنجامی خراپ بەڕێوەبردنی پرۆژەیەک بوە کە بوەتە هۆی بەهەدەردانی (304) ملیۆن و (500) هەزار دینار.

دەستکە راشیگەیاندوە، تەمەتبارەکە بە مەبەست کارەکانی نەژێنکردنەوەیەکی پرۆژەیەکی تەواو نەکردوە و پارەی پرۆژەکەش بە هەدەر دراوە.

رونیشیکردوەتەوە، دادگا بڕیاری ماددەی (340) لە یاسای سزادان سزای حەوت ساڵ زیندانیکردنی نائامادەیی بۆ تەمەتبار دەکردوە، لەگەڵ داوای قەربوکردنەوە و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکەکانی.